دەزگای هەواڵگری نیشتمانی سەبارەت بە "بەرکەوتنی نزیکی عێراق بە هەڕەشە سەربازییەکان" ڕوونکردنەوە دەدات

دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق، پێگەیشتنی دوو نامەی ئاگادارکردنەوەی بە حکومەت لە لایەن وڵاتێکی عەرەبی و دەزگایەکی هەواڵگری ڕۆژئاواییەوە ڕەتکردەوە، کە گوایە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی هەڕەشە سەربازی بووبێت بە سەر عێراق.

دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق لە ڕاگەیندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاند: "ڕۆژنامەی (شەرقولئەوست) لە ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە حکومەتی عێراق دوو نامەی ئاگادارکردنەوەی لە وڵاتێکی عەرەبی و دەزگایەکی هەواڵگری ڕۆژئاواییەوە پێگەیشتووە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی عێراق لە بەرەوووبوونەوەی گورزی سەربازی"، ئاماژەی بەوەش کرد: "لە کاتێکدا ئێمە ڕاستی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ناوبراو بە سەرجەم وردەکارییەکانییەوە ڕەت دەکەینەوە، جێخت دەکەینەوە کە حکومەتی عێراق هیچ نامەیەکی لەو جۆرەی پێ نەگەیشتووە."

دەزگای هەواڵگری داوای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد "وردبین بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە

بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە."